# کاتالۆنیا..دەستبەرداری سەربەخۆیی و بەدەوڵەتبوون نابێت....!

هەڵۆ بەرزنجەیی۲۰۲۱/۱/۱۵

هەواڵ و دەنگوباسی خەون و ئاواتی بەدەستهێنانی ئازادی و سەربەخۆیی کاتالۆنیا، لە دنیادا بە کۆتایی نایەت. کاتالۆنی نەتەوەیەک مێژوو ستەمی لێکردووە، لێ ویست و خواستی نەکوشتووە.، بۆیەکا بێ پەروا هەر دەرەتانێکی بێتە بەردەم، دەیقۆزێتەوە بۆ ئامانجی بوونە دەوڵەت.
دەسەڵاتی ستەمکاری ئیسپانی، بە زەبروزەنگ و دەرکردنی بڕیاری قورس و سزای گران و ڕاوەدونان، بەدرێژایی ساڵانێکە دەیەوێ ڕووبەڕووی نەتەوەی کاتالانی و ئامانجی ئازادی و سەربەخۆییان بێتەوە،لێ نە مەدرید توانیویەتی بەرشەلۆنە بێدەنگ بکات و نە بەرشەلۆنە ئامادەیە بە هەر نرخێک دەستبەرداری دروشم و داواکانی بێت.
کاتالۆنییەکان نەتەوەیەکی زیندووی هۆشیارن و لەسایەی هەرچی ئێمە پێمانوایە ئەوروپای بەهەشت و وڵاتانی یاسای ئازادی گەلان و دیموکراسی و سیستەمی لیبەڕاڵی و مافەکانی مرۆڤ دا، دابینکەری ئاوات و ئامانجی تایبەتمەندی نەتەوەکان، خەباتێکی ژیرانە بۆ مافە ڕەواکانی خۆیان لە ئازادی و گەیشتن بەدەوڵەتبووندا دەکەن. بەواتایەکی تر هەرچی خۆشگوزەرانی و دروشمە سارد و سڕ و بێ گیانەکانی دەقی یاسا و خەیاڵی تیۆریستان و زارقەرەباڵخی هەڵەوەرەکانی میدیا و ڕۆشنبیرییە، ناتوانن بە نوقڵی شیرینی درۆ و بەرژەوەندی پەرستی و غەریزەی زاڵی خۆیان، تەفرەی کاتالانییەکان بدەن و بڵێن بێدەنگ بن، سەردەمی لیبەڕاڵی دیموکراسی و گلۆبالیزمە و چیتان داوە لە ئازادی و سەربەخۆیی .!!
هەڵبەت لەم سەردەمەدا هەر نەتەوەی کاتالانیی بەتەنیا نییە، بانگاشەی سەربەخۆیی دەکات، ئەوە باسک و گالیزی و سکۆتی و وێلزی و ئیرلەندی و چەندانی تر، کوڵنەدەرانە و پشوودرێژانە بە شێواز و میتۆدی جیاواز ، بەدووی ئاواتەکانیانەوەن .
بەپێی وتارێکی ڕۆژنامەی Der Tagesspiegel ی ئیمڕۆ بڕیارە کاتالۆنیا لە 14.2.21 واتە مانگێکی تر هەڵبژاردنی پەرلەمان بەڕێوە بەرن. ئەم نەوە سیاسییەش، وەک ئەوانی پێشوویان سوورن لەسەر سەربەخۆیی و بەدەوڵەت بوون . ڕۆژنامەکە قسەی لەگەڵ Marie Kapretz ی نوێنەری حکومەتی کاتالانی لە ئەڵمانیا کردووە، ئەویش دەڵێ: نزیکەی 15,000 هەزار کاتالانی لە ئەڵمانیا دەژین، حکومەتەکەمان هەموو کارئاسانییەک دەکات تا زەمینە خۆش بکات کاتالۆنییەکانی هەندەرانیش دەنگ بۆ سەربەخۆیی بدەن..
لەم نێوەدا هاوپەیمانی چەپی کۆماریی کاتالۆنی ، بە وریاییەوە مامەڵە و دانوساندن لەگەڵ حکومەتی ناوەندی دەکات، نوێنەرەکانی لەپرسی بوجەدا دەنگیان بە پڕۆژەکەی سەرۆکی حکومەت Pedro Sánchez دا. ئەمەش بەو نێتەی سەرۆکی سۆسیال دیموکرات،زووتر و زیاتر دان بەسەربەخۆیی کاتالۆنیا بنێن و ڕەزامەندی بدرێ لەسەر ئەو بڕەپارەیەی دوو ملیارد یۆرۆیەی داوایان کردووە، بۆ ژێرخانی ئابووری کاتالۆنیا.
کەواتە هاوپەیمانی چەپی ناوبراو لە ڕووی ستراتیژییەوە باوەڕی بە جیابوونەوە لە ئیسپانیا و سەربەخۆیی هەیە. بەڵام حکومەتەکەی چانسێ ناتوانێ لەوە زیاتر گفتی زیاتر بدات و ئێستا ئەویش لەژێر گوشارێکی زۆری حیزبەکانی ئیسپانی لە لایەک و داواکارییەکانی کاتالۆنییەکاندایە . هەر لەم میانەدا وەک ڕۆژنامەکە ئاماژەی پێداوە، مانگی دێسەمبەر دادگایەکی ئیسپانی بڕیاری ئاسانکاری بۆ جیاخوازێکی کاتالانی دەرکرد Oriol Junqueras.کە، ئەندامی هاوپەیمانی و جێگری سەرۆکی حکومەتی کاتۆلۆنی پێش 3 ساڵ بە 13 ساڵ سزا درا،لەسەرئەوەی ڕۆڵی گەورەی لە ڕیفەڕاندۆمی سەربەخۆییدا گێڕا، ئەو ڕیفەڕاندۆمەی مەدرید قەدەغەی کرد وتی نابێت بکرێ . وەک ئاگادارن ئەوە ساڵانێکە لە بەرشلۆنە و شارەکانی دیکەی کاتالۆنیا خۆپیشاندان و نارەزایی دەردەبڕن لەدژی حکومەتی ناوەندی و داوای ئازادکردنی گیراوە سیاسییەکان دەکەن و دەڵێن« ئیسپانیای تۆتالیتێر « یاسای تۆڵەسەندنەوە بەسە.

جگە لەباوەڕ و ڕۆحی پشتیوانی و خۆشەویستیم بۆ پرسی ڕەوای کاتالۆنیا و هەموو بزووتنەوە ئازادیخوازەکانی نەتەوەکانی جیهان، دەمەوێ لەم باس و بۆنەدا چەند برگەیەکی تریش بەسەر بکەمەوە و چەپکێ تیشکی ڕووناکی زیاتر بخەمە سەر باسەکە.
جێی شانازییە نەتەوەیەک لەسەدەی 21 دا لە کیشوەری ئەورووپا بە مۆدێرنترین و شارستانیترین میتۆد و شێوازی دیموکراسی، داوای ئازادی و سەربەخۆیی دەکات ، کەچی لێی ناسەلمێنن. کەواتە لەم کۆنتێکسەدا، گەر پرسی کورد وەک نموونە بهێنینەوە شۆڕش کردن و خەباتی چەکداری و لە پێناوی بە دیموکراسیکردنی تورکیا و ئێران و عێراق و سووریا، نە بارگاوییە و نە گەرەنتییە بۆ چارەسەری دۆزی کورد . خەبات بۆ دروشم و ئامانجێکی لەم چەشنە وەک ستراتیژ، نابەکام و زڕە و ملشکانی سیاسی لە دوایە و هەڵەیەکی کوشندەیە. ئاخر چەمکی دیموکراسی و لیبەڕالیزم و مافی مرۆڤ، کۆنینە بێت یاخود مۆدێرنە، نەیتوانیوە و ناتوانێ، جێ بە بەرژەوەندی و پایەکانی دەوڵەتی نەتەوەی سەردەست و زاڵ ، چۆڵ و لەق بکات.!
جێی دەست خۆشییە، میللەتی کاتالۆنی و سیاسییەکانیان، ئەوانەی باوەڕیان بە سەربەخۆیی هەیە شێلگیر و مکوڕن لەسەر داوا ڕەواکانیان. هەروەها هیچ کەس و لایەنێکیان لەوانەی لەگەڵ سەربەخۆیی کاتالۆنیادا نەبوون، دەستیان لەگەڵ حکومەتی ناوەندی دژ بە نەتەوەکەی خۆیان تێکەڵ نەکرد...!
لەم ڕوانگەوە گەر سەیری کوردستان بکەین، ڕەنگە شتێکی ئاسایی بێت کەس و لایەنگەلێک هەبن لەگەڵ پرسی سەربەخۆییدا نەبن. بەڵام زیان و ئازار و ناخۆشییەکە لەوەدایە تۆمار بووە، کە بەشێکی بەرەی دژە سەربەخۆیی، بەهانا و پشتوانی لە فۆڕمی جاشێتی و خۆفرۆشی و خاکفرۆشی و ناپاکیدا خۆی دەنوێنێ. بە گوزارشتێکی تر، کورد خۆی بەشێک بووە لە تێکشکاندنی کورد، ئەگەر هێزی سەرەکی هەرە کاریگەریش نەبوو بێت!!...
مەخابن لە مێژووماندا ئەم دیاردەیە، چەند بارە بۆتەوە، بێ ئەوەی بکەرەکانی ئەم تاوانە نەتەوەییە، جارێک لە حوکمی قورس و بێ ڕووحمانەی مێژوو و جەماوەر سڵ بکەنەوە و بترسن..!!
کەواتە ئەرکی نەتەوەیی سەرشانی هەر تاک و هێز و توێژێکە، لۆژیکانە بیر لە پرسی نەتەوەکەی بکاتەوە و ئاستی هوشیاری نەتەوەیی خۆی خورت و بەرز بکاتەوە و لە ڕک و کینە و خۆخۆری پاکی بکاتەوە و بەرژەوەندی باڵای کورد و کوردستان بخاتە سەروو هەموو ئیعتبارەکانی دیکەوە، تا دەگەینە دوا ئامانج. دواتر لە کەشوهەوایەکی تەندروستدا درێژە بە پاشماوەی ململانێ کۆمەڵایەتی و سیاسی و یاساییەکان دەدەین .

گەر وا نەکەن، ڕوو ڕەشانە بەر نەفرەتی مێژوو دەکەون ...
گەر وا نەکرێت، بە میرات ئازارێکی ویژدانی کوشندە بۆ نەوەکانی ئایندەتان بەجێدێڵن ...
گەر وا نەکەن ئێستا دەبنە درۆزن و تەفرەدەر و بازرگان و سبەینێش گۆڕتان تف باران دەکرێت...
سڵاو ...لە ویست و داوا و مافی «**ئازادی و سەربەخۆیی**» کاتالۆنیا و هەموو نەتەوە بندەستەکانی جیهان ، کورد لە بەرایی هەمووانەوە...






POLITIK

DER TAGESSPIEGEL 5

# Wahlen in Zeiten der Konfrontation

Die Region Katalonien stimmt über ein neues Parlament ab – viele führende Politiker fordern nach wie vor die Unabhängigkeit von Spanien

Von Hannes Heine

**Carles Puigdemont** *war für Unabhängigkeitsbefürworter lange Zeit ein Hoffnungsträger. Der abgesetzte Regionalpräsident wollte Katalonien in die EU führen.*

**Alaaden M Darwish**

ئەو نەتەوانەی بێ دەستن یەکگرتوو بن ئەمڕۆ ناسبەی دەگەن بەسەربەخۆیی